و چ لەسەرتاسەری عێراق، تەنها بۆ نمونە بڕوانە: بڕیاری ئۆفیسی پشکێنەری گشتی لەوەزارەتی نەوتی عێراق ژمارە (٤٠١١/١٠٩٨٠ لە ١٣/ ٨/ ٢٠١٨) کە بۆ کۆمپانیای گازی باکوری ناردووە و داوای لێدەکات کە چیتر ووشەو زاراوەی کوردی لەنێو نوسراوەکانیان بەکارنەهێنن و سەرپێچی یاسای سەلامەتی زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٧٧ نەکەن، دەنا بەپێچەوانەوە کارمەندی سەرپێچیکار توشی سزای وەزیفی دەبن.

٧٤ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بارودۆخی سەختی زمانی کوردی لەو دوو وولاتە بڕوانە: ژێرار شالیان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١-٧٤، ١٥٠.

٧٥ صدیق حەجی وەلی بەرواری، پرۆژێ هەڤگرتنا زمانێ کوردی، زانکۆی دهۆک، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠١١، ل٥٧.

# دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەنێوان یەکبازنەیی وفرەبازنەییدا -(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە)-

# Determining the Kurdistan parliament’s election constituencies -Between indvidual and multiple constituencies- Comparative analytical study

**پ.ی.د.ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە**
**مامۆستا وتوێژەر لەزانکۆی جیهان_سلێمانی**
**Asst.professor,Dr.Esmael Najmadin Zangna**
**Teaching staff at Cihan University- Sulaimaniya**
**esmael.najmadin@sulicihan.edu.krd**

**پوختە**

یەکبازنەیی هەڵبژاردن پەیرەو کراوە بەدرێژایی ئەو پێنج خولەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە ، وئەم جۆرە دیاریکردنە بەکەمی جێبەجێدەکرێت لەلایەن سیستێمەکانی هەڵبژاردنی ولاتانی جیهانەوە، تا ئەو ڕادەیەی بەئاوارتە دادەنرێت لەڕێسای گشتی کەفرەبازنەیی هەڵبژاردنە.

هەروەك گرتنەخۆی یەکبازنەیی لەڕوی واقیعیەوە دەرەنجام ولێکەوتەی جیاوازی دەبێت بەنیسبەت دەنگدەر ونوێنەریشەوە، وپەیوەست بەپرۆسەکانی هەڵبژاردن وپرۆسەی سیاسی وبەشداری هاوڵاتیانیش تێیدا کاریگەری بەرچاو جێدێڵێ بە بەراورد بەوەی گەر فرەبازنەیی جێبەجێ بکرێت ئەمەیان دەرەنجامی جیاوازی دروست دەکات تا ئەندازیەکی زۆر.

ئەو بابەتەی باسەکە هەوڵیداوە چوارچێوە و چەمکەکانی پەیوەست بەهەریەك لەو دو شێوازەی دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن ڕون بکاتەوە لەگەڵ هەڵسەنگاندی هەریەکەیان، زیاد لەوەش ئاماژە بکرێت بەدەسەڵاتی تایبەتمەند بەدیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن ودابەشکردنیان، ئاخۆ هەمان دەسەڵاتە یان دەکرێت دیاریکردنەکە دەسەڵاتێك ڕێکیبخات وەك دەسەڵاتی دامەزراندن، ودابەشکردنەکەش لەتایبەتمەندی دەسەڵاتێکی تر دەبێت وەك دەسەڵاتی یاسادانان یان جێبەجێکردن..

تاوەکو باسەکە گەشتە نمونەیەك لەڕای دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ڕاپرسیەکەوە کەبۆچون وئاراستەی تێڕوانینی لەخۆگرتوە بەرانبەر یەکبازنەیی، و ئاسۆی بیرکردنەوەیان لەمەڕ گواستنەوە بۆ گرتنەخۆیی شێوازی فرە بازنەیی. هەروەك دەرەنجامی وەڵامی پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبو لەیارمەتیدانی توێژەر لە پێشکەشکردنی پێشنیاز و پرۆژەیەك بۆ جێبەجێکردنی فرەبازنەیی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە خولەکانی داهاتودا، لەڕێگەی جێکردنەوەی چەند ماددەیەکی دەستوری پەیوەست بەبابەتەکە لەدەستوری

چاوەڕوانكراوی هەرێمدا،ولەوەشەوە ئەنجامدانی هەمواكاریی پێویست لەدەق ویاسا پەیوەندارەكانی بواری هەڵبژاردن.گرنتریني دابەشكردنی هەرێم بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن بەگوێرەی ژمارەی پارێزگاكانی ئەوانیش(بازنەی هەولێر، بازنەی سلێمانی، بازنەی دهۆك، وبازنەی هەڵبجە).

## پێشەكی:

### یەكەم: ناسینی توێژینەوەكە:

خاڵێكی گرنگ و سەرەكی هەر ڕێكخستنێكی دەستوریی ویاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەوڵاتە جیاجیاكانی دونیا بریتیە لەدیاریكردنی بازنەی هەڵبژاردنەكە چ پێكهاتبێ لەیەكبازنە یان چەند بازنەیەك، ئەوەش بەگوێرەی دید وتێڕوانینی دەسەڵاتدارانی هەر وڵاتێك.

وبەردەوام ئەم دیاریكردنە گفتوگۆ وخستنەڕوی بۆچونی جیاواز لەخۆ هەڵدەگرێ لەنێوان لایەنە سیاسیە ڕكابەرەكانی پرۆسەكانی هەڵبژاردن، بەجۆرێك پرسی دادپەروەری ونادادپەروەری دابەشكاری بازنەكانی هەڵبژاردن دەبێتە بابەتێكی بەپیت بۆ لایەنە سیاسیە ڕكابەرەكان بۆ داخوازی و پێشكەشكردنی تەرح و پرۆژە لەپێناو هەمواكردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەكە پەیوەست بەو بوارە.

هەرچی پەیوەستە بە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان لەو پێنج خولەی كەتاوەكو ئێستا ئەنجامدراوە بەیەكبازنەیی پەیڕەو كراوە ، لێكەوتەی ئەو كارەش خاڵی ئەرێ ونەرێی خۆی هەبوە، بۆیە هەوڵدان وپێشنیاركردن بۆ گۆڕانكاری یاخود هێشتنەوەی بازنەی هەڵبژاردن پێویستی بەلێكۆڵینەوە و لێتوێژینەوەیە، بەتایبەت لەدوا خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە دەنگی داخوازی بۆ گۆڕانكاریكردن لەڕێساكانی هەڵبژاردن زیاتر بیستراوە، وبازنەی هەڵبژاردنیش یەكێكە لە خاڵەكانی ئەو داخوازیانە.

### دوەم: گرنگی توێژینەوەكە:

ئەكرێ گرنگی توێژینەوەكە لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕو:

١_ دیاریكردن وخستنەڕوی كاریگەریی شێوازو سیستێمی پەیڕەوكراو لەڕوی بازنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانەوە، وهەڵسەنگاندنی لەڕوی دەرەنجامەكانی بۆ پەیوەندی نێوان دەنگدەر ونوێنەر، ولەڕوی لێكەوتەكانی بۆ پرۆسەكانی هەڵبژاردن وپرۆسەی سیاسی بەگشتی.

٢_ دیاریكردنی گرنگی هەر شێوازێك لەشێوازەكانی دابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن یان دیاریكردنیان، بەتایبەت لەڕوی كاریگەرییان لەسەر ژیانی حیزبی وخزمەتكردنی پلۆرالیستی حیزبی لەهەرێمی كوردستاندا.

٣_ ڕۆڵ وكاریگەری دیاریكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن لەسەر هاندانی هاوڵاتیان لەبەشداری سیاسیدا بەو پێیەی فرەكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن خزمەتێكی ڕاستەوخۆ دەكات بەكەمكردنەوەی بۆشایی نێوان دەنگدەر ونوێنەر.

٤_ ئەنجامدانی ڕاپرسیەك لەنێو دەنگدەراندا تایبەت بەو پرسە بۆ گەشتن بەدید وتێڕوانینیان سەبارەت بەیەكبازنەیی وفرەبازنەیی هەڵبژاردن، ولێكەوتەی هەر یەك لەو شێوازانە لەسەر پرۆسەی سیاسی وپرۆسەی دیموكراسی وبەشداری سیاسي هاوڵاتیان.

### سێیەم: ئاریشەی توێژینەوەكە:

ئاریشەی سەرەكی توێژینەوەكە دەكرێ لەخستنەڕوی ئەم پرسیارانە چڕ بكەینەوە:

١_ تا چ ڕادەیەك یەكبازنەیی هەڵبژاردن لەهەرێمدا خزمەتی بەپرۆسەی دیموكراسی و لێكنزیكردنەوەی دەنگدەر و نوێنەر كردوە؟

٢_ تا چەند هەنگاو هەڵهێنان بەرەو فرەبازنەیی دەبێتە هاندەر بۆ بەشداری زیاتری هاوڵاتیان لەپرۆسەی سیاسیدا؟

٣_ وتا چ ئەندازەیەك فرەكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن لەهەرێمدا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان وادەكا كێبڕكێی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسیەكان زیاتر ناوچەیی بێ وكەمتر دەرەنجامی هەڵبژاردن لەپارێزگایەك یان زیاتر كاریگەری هەبێ لەسەر هەڵبژاردنەكان بەگشتی؟

٤_ دابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن لەهەرێمدا بەچ شێواز و میكانیزمێك گونجاوە ئەنجامبدرێ؟

٥_ فرەكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن خزمەت بەپرۆسەی دیموكراسی دەكات، ورۆڵی دەبێ لەبەرزكردنەوەی كوالیتی نوێنەرایەتی پەرلەمانی؟

### چوارەم: گریمانەی توێژینەوەكە:

توێژینەوەكە گریمانەی ئەوە دەكات هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لەهەرێمی كوردستاندا وەكو زۆربەی وڵاتان بەردەوام ئەگەری پێداچونەوەو

گۆڕانكاری لەرەگەزەكانی هەیە، لەرێگەی هەمواركردنەوەی یاسا وڕێسا پەیوەندارەكانیەوە.لەگرنگترین ئەو رەگەزانەش كەكاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر پرۆسەكە دیاریكردن ودابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردنە.

## پێنجەم: ڕێبازی زانستی توێژینەوەكە:

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەكە پشت بەستراوە بەڕێبازی شیكردنەوەی زانستی لەرێگەی شیكردنەوەی هەمو ئەو دەقە یاساییانەی پەیوەندارن بەناوەرۆكی بابەتەكەوە، هەروەك شیكردنەوەی پرۆسەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لەهەرێمدا لەسۆنگەی یەكێی بازنەی هەڵبژاردن یان فرەییەوە وكاریگەری هەریەكەیان لەسەر پرۆسەی سیاسی و لەسەر نزیكردنەوەی زیاتری دەنگدەر لە نوێنەر. هەروەك باسەكە لەبەشێكیدا ڕێبازی بەراوردكاری پەیرەو دەكات لەرێگەی ئاماژەكردن و بەراوردكاری هەڵوێستی هەندێ لەسیستێمەكانی هەڵبژاردنی وڵاتانی تر لەنمونەی فەرەنسا و بەریتانیا و میسر وچەند وڵاتێكی تر. هەروەها بۆ گەشتن بەدەرەنجامی ئەو پرسیارانە لەبەشێكیدا پشت بەستراوە بە ئەنجامدانی ڕاپرسی لەنێو دەنگدەراندا.

## شەشەم: پلانی توێژینەوەكە :

پلانی زانستی بۆ جێبەجێكردنی توێژینەوەكە دابەشدەكرێت بۆ دو تەوەر: یەكەمیان چەمكی بازنەی هەڵبژاردن وشێوازەكانی تێدا باسدەكرێ، وتەوەری دوەم تەرخاندەكرێ بۆ باسكردنی دەسەڵاتی دیاریكردن ودابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن وئاسۆی پێشخستنی لەهەرێمی كوردستاندا

## تەوەری یەكەم

چەمكی بازنەی هەڵبژاردن وشێوازەكانی دیاریكردنی

باسكردنی ئەم تەوەرە دابەشدەبێت بۆ دو پار، لەپاری یەكەمدا چەمك و واتای بازنەی هەڵبژاردن ڕوندەكرێتەوە، هەرچی پاری دوەمە ئەوا باسەكە گرنگی بەڕونكردنەوە و دەسنیشانكردنی شێوازەكانی دیاریكردنی دەدات. بەمجۆرەی لای خوارەوە:

## پاری یەكەم

ناساندنی بازنەی هەڵبژاردن

بازنەی هەڵبژاردن پێناسەی جۆراوجۆری بۆكراوە لەلایەن یاساناسانی بواری یاسای گشتیەوە، بەجۆرێك هەندێك پێناسەی دەكەن بەوەی بەشێكە لەهەرێمی دەوڵەتەكە بەرتەسك بێت یان بەرفراوان، كاندیدێك یان زیاتری بۆ دیاریدەكرێت لەمەڕ هەڵبژاردنیان لەلایەن دەنگدەرانی ئەو هەرێمەوە. (الشاوی، الاقتراع السياسي، ٢٠٠١، لا ٥١)

هەروەك پێناسەدەكرێ بەوەی یەكەیەكی هەڵبژاردنی تایبەتە، تاكەكان ئەوانەی تۆماركراون لەخشتەی تۆماری دەنگدەران تێیدا نوێنەرانیان لەچوارچێوەیدا هەڵدەبژێرن بۆ نوێنەرایەتیكردنیان لەئەنجومەنی نوێنەرایەتی بەگوێرەی ئەو یاسایانەی هەڵبژاردن ڕێكدەخەن.(د.عفيفي، الانتخابات النيابيه وضماناتها الدستوريه والقانونيه في القانون المصري والمقارن، ٢٠٠٠، لا٧٧٠).

یان دەناسێنرێ بەوەی یەكەیەكی هەڵبژاردنی سەربەخۆیە تێیدا دەنگدەران دەنگ دەدەن بەئامانجی هەڵبژاردنی نوێنەران لەئەنجومەنە نوێنەرایەتیەكاندا.(زين الدين، النظم الانتخابية المعاصرة، ٢٠١٠، لا ٢٠٣)

ولەبەرگرنگی بازنەكانی هەڵبژاردن بەشێك لە یاسادانەرانی هەڵبژاردن بۆ خۆیان پێناسەی بازنەيی هەڵبژاردنیان كردوە بەوەی( یەكەیەكی هەڵبژاردنی سەربەخۆیە، دەنگدەرەكانی ئەوانەی ناویان تۆماركراوە تێیدا نوێنەرێك یان زیاتر بۆ ئەنجومەنی نوێنەرایەتی هەڵدەبژێرن). یان( هەمو ناوچەیەكی دیاریكراوە كە ژمارەیەك كورسی بۆ تەرخانكراوە..) (م١، یاسای هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە ٤٥ ی ساڵی ٢٠١٣ هەمواركراو)

بەتێڕوانین لەو پێناسانەی بۆ بازنەكانی هەڵبژاردن خراونەتەڕو دەردەكەوێت لەدەوروبەری دو رەگەزدا دەخولێنەوە، رەگەزی یەكەم رەگەزێكی جوگرافیە یان وەك ناودەبرێ رەگەزی ڕوكاریی، پەیوەستە بەجەختكردنەوە لەو پێگە جوگرافیایەی جیادەكرێتەوە و ژمارەیەك كورسی پەرلەمانی بۆ تەرخاندەكرێت، ورەگەزی دوەم بریتیە لەرەگەزی بابەتیی كەپەیوەستە بەژمارەیەكی دیاریكراو لەدەنگدەران وژمارەیەكی وێناكراو لە كورسی

پەرلەمانیان بۆ دابڕ دەکرێت. (البياتى ،الاطار القانونى للإجراءآت السابقه على انتخابات مجلس النواب العراقي، ٢٠١١، لا٧٢).

ولەگەڵ ئەوەی بازنەی هەڵبژاردن تارادەیەکی زۆر هەمان پێناسەی بۆکراوە ورەگەزەکانی چونیەکن لەسیستێمە سیاسیە جیاوازەکاندا، بەڵام هەر ئەو سیستێمانە هاودەنگ نین لەدیاریکردن ودابەشکردنی بازنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانەکانیاندا. بەشێك لەسیستێمەکان ئەوانەی کەمینەن وتارادەیەکی زۆر بەئاوارتە لەڕێسای فرەبازنەیی هەڵبژاردن دادەنرێت لەم بوارەدا یەکبازنەییان دیاریکردوە بۆ پڕکردنەوەی تەواوی کورسیەکانی پەرلەمان، لەنمونەی وڵاتی ئیسرائیل، مۆناکۆ، هۆڵاند، و هەرێمی کوردستانیش ئەم شێوازەی پەیڕەو کردوە.(ساعد، النظام القانوني للدوائر الانتخابيه في الجزائر، ٢٠١٤، ٢٠١٥ ، لا ٨) .

هەرچی بەشی زۆری وڵاتانە ڕێسای فرەبازنەییان جێگیرکردوە، ئەمەش بەواتای دابەشکردنی هەرێمی دەوڵەتەکە دێت بۆ چەند ڕوبەرێکی جوگرافی دیاریکراو وتێیدا ڕەچاوی ڕێژەي تاکەکانی گەل دەکرێت، ولەهەر یەکەیەکەوە نوێنەرێك یان زیاتر بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت.( اسماعيل، النظم الانتخابية، چ٢، لا ١٠٤).

وبۆ تێگەیشتنی زیاتر لە شێوازەکانی دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردن، باسکردنی دابەش دەبێت بۆ دو وەچەپار، یەکەمیان یەکبازنەیی هەڵبژاردنی تێدا باسدەکرێت، ودوەمیان فرەبازنەیی هەڵبژاردنی تێدا شیدەکرێتەوە، بەم جۆرە :

یەکەم: ناسینی یەکبازنەیی هەڵبژاردن:

وەك لەپێشدا باسکرا ئەم شێوازە بریتیە لەدیاریکردنی یەك بازنەی هەڵبژاردن ولەچوارچێوەیدا تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی هەڵدەبژێردرێت، ئەوەش بەگوێرەی یاسا وڕێساکانی هەڵبژاردن لەوڵاتدا.

کەواتە لەمجۆرەی ڕێکخستنی بازنەی هەڵبژاردندا تاکەکان لەیەك تۆماری دەنگدەران ناوەکانیان تۆماردەکرێت ودەنگ دەدەن بۆ تەواوی کورسیەکانی پەرلەمان چونکە تەواوی هەرێمی دەوڵەتەکە یان قەوارەکە دەبێتە یەك بازنەی هەڵبژاردن.

لەوانەشەوە دەکرێ ئاماژە بەگرنگترین خەسڵەتەکانی یەکبازنەیی هەڵبژاردن بدرێت:(الحميده، الاسس الدستوريه في تحديد الدوائر الانتخابيه، ٢٠٠٤، لا ٨ ودواتر)

١_ یەکی هەرێمی وڵات ویەکی بازنەی هەڵبژاردن، واتە وڵات کە خاوەنی یەك هەرێمە وەك ڕەگەزێکی بنەڕەتی دەوڵەت، تەواوی ئەو هەرێمە دەبێتە یەکبازنەی هەڵبژاردن.

٢_ لەیەکبازنەی هەڵبژاردنەوە تەواوی کورسیەکانی پەرلەمان پڕدەکرێنەوە، بەبێ دابەشکاری کورسیەکان بەسەر ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی وڵاتەکە.

٣_ دەنگدەر لەمجۆرەی دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردندا ئەتوانێ دەنگبدات بەکاندیدی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی وڵاتەکە، بەبێ ئەوەی سنوری کارگێری پارێزگا یان هەر یەکەیەکی تری کارگێری لەوڵاتدا ڕێگری بکەن لەو توانایەی.

٤_ یەکبازنەیی هەڵبژاردن زیاتر دەگونجێ لەگەڵ سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیدا، نەوەك سیستێمی زۆرینە. چونکە لەگریمانەی کۆکردنەوەی سیستێمی یەکبازنەیی و سیستێمی زۆرینەی هەڵبژاردندا ئەوا ئەنجومەنی نوێنەرایەتی یەکڕەنگ دەبێ وئەو پارتە یان ئەو قەوارەیەی زۆرترینی دەنگەکانی بەدەستهێنابێ دەبێتە براوەی تەواوی کورسیەکانی پەرلەمان ئەوەش تارادەیەکی زۆر ناگونجێ لەگەڵ سیستێمی دیموکراسیدا.

دیارترین خاڵی ئەرێنی شێوازی دیاریکردنی یەکبازنەیی هەڵبژاردن بریتیە لەوەی نادادپەروەری لەدابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن دروستناکات، چونکە خۆی لەبنەڕەتدا یەکبازنەیە وناتوانرێ دابەش بکرێت. هەروەها دەنگی سەرجەم دەنگدەران لەوڵاتدا بەکاردەبرێ بۆ دابەشکردنی تەواوی کورسیەکانی پەرلەمان، واتە ئەم شێوازە داد دروستدەکات لەئاست دەنگدەرانی وڵاتدا کاتێك سەرجەم دەنگەکان لەیەك ئاستدا وەردەگیرێدرێت بۆ سەرەجەم کورسیەکانی پەرلەمان.ئەوەی کەهەندێك وای وەسف دەکەن یەك ڕیز دەنگدەر، ویەکڕیز نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی نیشتمانی بونی دەبێت.(كوكس، اليابان: التكيف لنظام انتخابي جديد،٢٠٠٧، لا ٢٠٥)

هەروەك شێوازی یەکبازنەیی زیاتر لەبیرۆکەی سەروەرێتی گەلەوە نزیکە، وەك ئەوەی سەروەرێتی گەل قابیلی دابەشکردن نیە و هاوڵاتی دەنگدەر لەدورترین پنتی وڵاتەکە ئەتوانێ دەنگبدات بەتەواوی کاندیداکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکە، بەجۆرێك هەڵبژێردراوان دەبنە نمونەیەکی

بچوك لەئیرادە و خواستی گشتی هاولاتیان، بەوەش براوە لەم شێوازەی هەڵبژاردندا وادەردەکەوێت کە نوێنەری تەواوی گەلە بەهەمو پێکهاتە و توێژەکانیەوە، وبەتەنها نوێنەری ناوچەکەی یان پێکهاتەکەی نیە، بەجۆرێك ئەم بارە دەسەڵات و رەوایەتی تۆکمەتری پێ دەبەخشێ. (اسماعیل، النظم الانتخابیة، لا٢٧٦)

هەرچی پەیوەستە بەو رەخنانەی لەم سیستێمە دەگیرێت، ئەوا دیارترینی ئەوەیە ئەم شێوازە بۆشایی نێوان دەنگدەر ونوێنەر فراواندەکات، لەوەشەوە سیفەتی نوێنەرایەتیکردن تێیدا لەنزمترین ئاستدا دەبێت، چونکە دەنگدەر دەنگی تۆماردەکات لەبەرژەوەندی لیستێکی حیزبی دەکرێ ئەو لیستە هیچ کاندیدایەکی ناوچەکەی ئەوی تێدا نەبێ.لەبەر ئەوەی دیاریکردنی کاندیداکان وجێکردنەوەی نوێنەری ناوچە جیاجیاکانی وڵات لەلیستی حیزبەکاندا بەتەواوی جێدەهێڵرێ بۆ ئیرادەی سەرکردایەتی حیزبەکان.(ابو الفضل_پناهی_، حقوق اساسی ونهادهای سیاسی، ١٣٩٣ ه ،لا٦٠٣)

هەروەك خودی دەنگدەر ئاسۆیەکی نارونی دەبێ سەبارەت بەو کاندیدایانەی حیزبەکەی دیاریکردون ولەلیستەکەی جێیکردونەتەوە، چونکە چاوەرواندەکرێت چانسی ئەو کاندیدایانە زیاتر بێت بۆ دەرچون وبەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی کەزیاتر لەهۆیەکانی راگەیاندنەوە دەرکەوتوتر وناسراوترن، نەوەك ئەو کاندیدایانەی پرۆفیشناڵتر و شارەزاترن لەسێکتەرە جۆربەجۆرەکانی زانست وژیاریدا.

وشایەنی باسکردنە لێرەدا عێراق لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ ، کەیەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی بو لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ پەیرەوی لەم شێوازەی دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردن کرد، و تەواوی هەرێمی عێراق بەیەکبازنەی هەڵبژاردن دانرا وتەواوی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کەژمارەیان ٢٧٥ کورسی بو لەو یەکبازنەوە دابەشکرا.(سعید، الرقابة القضائیة علی صحة الانتخابات البرلمانیة ، ٢٠١٨، لا ٧١)، بەڵام دواتر ئەو سیستێمە گۆردرا بۆ فرەبازنەیی بەگوێرەی دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

بەهەمان شێوە لەهەرێمی کوردستانیش شێوازی پەیرەوکراوی دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردن یەکبازنەییە بەدرێژایی ئەو پێنج خولەی هەڵبژاردن کەئەنجامدراون بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی، سەرەرای ئەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ لەمادەی ٩یدا دابەشکردنی هەرێمی کوردستانی بۆ لانی کەم چوار بازنەی هەڵبژاردن جێگیر کردبو، کەچی لەروی کردەییەوە هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای یەکبازنەیی هەڵبژاردن جێبەجێکرا.(عبابکر، دور الانتخابات البرلمانیة في عملیة التحول الدیمقراطي في العراق بعد٢٠٠٣، ٢٠١٣، لا١٧٢)، رەنگبێ دیارترین هۆکار بۆ ئەو بابەتە پەیوەست بێ بەئامادەبونی لیستێکی دروستی دەنگدەرانی هەر بازنەیەکەوە لەو کاتەدا بەجۆرێك لیژنەی کاتی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە نەیتوانیبێ بەو هۆیەوە بازنەکان دابەش بکات.(شریف، الحکم الصالح في اقلیم کوردستان_العراق،٢٠١٣، لا٢٠٩). هەرچەند دواتر لەهەموارکردنی یاساکەدا بازنەی هەڵبژاردنی پەرلەمان کرا بەیەکبازنە وەك لەدەقی ماددەی ٩ی هەموارکراودا یاساکە گرتیە خۆ بەوەی (هەرێمی کوردستان-عێراق یەك ناوچەی هەڵبژاردنە ودابەشدەکرێت بۆ چەند ناوەندێکی هەڵبژاردن).

## دووەم: شێوازی فرەبازنەیی هەڵبژاردن:

لەزۆرینەی وڵاتانی دونیا ئەوانەی هەڵبژاردنیان وەك ئامرازی بەدەستهێنانی دەسەڵات و دەستاودەستکردنی جێگیرکردوە، پەیرەوییان لەشێوازی فرەیی بازنەکانی هەڵبژاردن کردوە، تائەندازەی ئەوەی کۆدەنگیەکی فیقهی دروست بوە لەسەر گرنگی و پێویستی فرەکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەوڵاتدا،(د.عفیفي، سەرچاوەی پێشو، لا٧٧٠) ، وهەندێك بەجێبەجێکردنی دیموکراسی لەقەڵەم دەدەن، و بەنمایەکی دەبینن لەمەرِ جیدیەتی هەڵبژاردنەکان و پاکێتی وبێگەردبونلەرێگەی رەخساندنی چوارچێوەیەکی شوێنی بۆ کاندید تابتوانێ پروپاگەندەی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدات، وچوارچێوەیەکی جوگرافی بۆ ئەوەی دەنگدەر مافی دەنگدانی تێدا پیادە بکات.(الجبوري، الجمانات الدستوریە لنزاهە الانتخابات النیابیە، ٢٠١٣، لا١٣٠)

لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکردنی دەوڵەت بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن بەمانای ئەوە نایەت هەر بازنەیەك تەواو سەربەخۆیە لەدەوڵەتەکە، وسەربەخۆیە لەنوێنەرایەتیکردنیشدا، بەڵکو ماناکە لەوەدا قەتیس دەبێ کەلەهەر بازنەیەکەوە ژمارەیەك کاندید براوە دەبن بۆ نوێنەرایەتی تەواوی گەل.(حمدي،أثر نتائج الإنتخابات علی ممارسة السلطة وحقوق الفرد، ٢٠١٤، لا٣١)

هەرچی خودی فرەبازنەیی هەڵبژاردنە فۆرمێکی رێکارە پێشینیەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنە، وبەواتای دابەشکردنی هەرێمی وڵاتەکە دێت بۆ

چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردن و لەهەر ناوچەیەکەوە نوێنەرێك یان زیاتر هەڵدەبژێردرێت بەگوێرەی ئەو سیستێمی هەڵبژاردنەی پەیرەو دەکرێ لەوڵاتدا.

ئەوەتا لەو وڵاتانەی سیستێمی هەڵبژاردنی تاکەکەسی پەیرەو دەکەن زۆرترین بازنەی هەڵبژاردن دیاریدەکەن بەگوێرەی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان، چونکە لەهەر بازنەیەکەوە نوێنەرێك هەڵدەبژێردرێت، جیاواز لەو وڵاتانەی سیستێمی هەڵبژاردنی لیست دەگرنە خۆ تێیدا ژمارەی بازنەکان کەمتر دەبن وروبەر و دەنگدەرەکانیشی زۆرتر دەبن، چونکە لەهەر بازنەیەکەوە زیاد لەنوێنەرێك هەڵدەبژێردرێت.

و بۆ دابەشکاری بازنەکانی هەڵبژاردن پێوەری جیاواز پەیرەو دەکرێت لەوڵاتاندا، ئەو پێوەرانەش بەزۆری بریتین لە:(کامل، ترسیم حدود الدوائر الانتخابیە، ٢٠١٥، لا٥)

_ یەکسانی لەژمارەی دانیشتوان لەنێوان بازنە جیاوازەکاندا، (٥٢,٨٪) وڵاتان پەیرەوی لەم پێورە دەکەن.

_ گونجاندن لەگەڵ سنورە کارگێرییەکانی وڵاتەکە، (٤١,٨٪) وڵاتان جێبەجێی دەکەن.

_ ڕێزگرتنی سنورە سروشتی وخەسڵەتە جوگرافیەکان.(٢٤,٢٪)

_ ڕوبەری جوگرافی بازنەی هەڵبژاردنەکە.(١٨٪)

_ کۆمەڵگە خاوەن بەرژەوەندیە هاوبەشەکان.(١٦,٧٪)

بەڵام گرنگترین ڕێسا کەپشتی پێدەبەسترێ لەو پێورانەدا هێنانەدی یەکسانی ڕێژەییە لەنێوان بازنەکاندا لەڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە، ئەو یەکسانیەی کەبەبنەمایەکی دیموکراسی دادەنرێت، و دەبێتە هۆکاری سەرەکی بەخشینی هەمان قورسایی بەدەنگی دەنگدەران لەبازنە جیاوازەکاندا، بۆ نمونە گەر لەبازنەیەکی هەڵبژاردنەوە دو ئەوەندەی بازنەیەکی تر دەنگدەری هەبێ ولەهەردوکیاندا یەك کاندید براوە بکرێ، ئەوا پلەی کاریگەری دەنگدەران لەبازنەی یەکەمیاندا کەمتر دەبێ تا ئاستی نیوە بەبەراورد بەدەنگدەرانی بازنەی دوەم.

هەروەك بۆ دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی یەکسانی لەنێوانیاندا، ژمارەیەکی زۆری ئەو وڵاتانەی پەیرەویان لەفرەیی بازنەکان کردوە یەکسانیکردنیان بەستۆتەوە بە ژمارەی گشتی دانیشتوانەوە، وژمارەیەکی تریان بەستویانەتەوە بەژمارەی دەنگدەرە تۆمارکراوەکانی هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردنەوە. (کامل، ترسیم حدود الدوائر الانتخابیە، ٢٠١٥، لا٥).

لەگەڵ ئەوانەشدا شێوازی تەکنیکی دەستوری ویاسایی پەیرەوکراو لەدیاریکردن ودابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردندا بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لەدو ڕێگە دەبینێتەوە: (البیاتی، الاگار القانوني للاجراءات السابقە علی انتخابات مجلس النواب العراق، ٢٠١١، لا٧٥_٧٦)

١_ دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی: لێرەدا دەستور ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی دیاریدەکات لەوەشەوە بازنەکانی هەڵبژاردنیش وێنا دەکات بەگوێرەی سیستێمی هەڵبژاردنی پەیرەو کراو، گەر سیستێمەکە زۆرینە بو ئەوا ئەوەندە بازنەی هەڵبژاردن دەکرێتەوە بەگوێرەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە، وگەر سیستێمەکە هەڵبژاردنی لیست بو ئەوا ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن بریتی دەبێ لەژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە کە دابەشدەکرێ بەسەر ژمارەی ئەو ئەندامانەدا کە بڕیاری لێدراوە بۆ هەر بازنەیەك.

٢_ دابەشکردن بەگوێرەی گۆڕان لەچڕی دانیشتواندا: لەم ڕێگەیەدا ژمارەی ئەندامان دەبەسرێتەوە بەژمارەی دانیشتوانەوە، بەجۆرێك هەر زیاد وکەمکردن لەژمارەی دانیشتوان کاریگەری بەجێدێڵێ بەسەر ژمارەی ئەندامانیشدا لەخولە جیاوازەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا.

دیارترین نمونەش بۆ ئەم ڕێگەیە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ کاتێك ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەستۆتەوە بەژمارەی دانیشتوانەوە وبەدیاریکراوی بۆ هەر سەد هەزار کەسێك کورسیەکی دیاریکردوە، بەوەش بەهەڵکشانی ژمارەی دانیشتوان لەعێراقدا بەگوێرەی دەستور دەبێت ژمارەی ئەندامانیش زیادبکرێن.(م ٤٩/ برگەی یەکەم)

٣_ شێوازی ئاوێتە: لێرەدا هەردو شێوازی پێشو تێکەڵکێش دەکرێن بەجۆرێك بۆ هەر ژمارەیەکی دیاریکراوی دانیشتوان یەك کورسی پەرلەمانی دیاریدەکرێت بەڵام بنمیچێك دیاریدەکرێت کەنابێ ژمارەی ئەندامان لەو ژمارەیە تێپەڕ بکات. لەوەشەوە ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن بەگوێرەی سیستێمی هەڵبژاردنی پەیرەو کراو دابەشدەکرێت.

بەدیدی توێژەر گونجاوترین ڕێگە بۆ دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمان لەوەشەوە دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بریتیە لەڕێگەی سێیەم،

واته بەستنەوەی کورسیەکانی پەرلەمانیی بەژمارەی دانیشتوانەوە لەگەڵ دیاریکردنی بنمیچێك وەك سنورێکی دەستوری کەنەکرێت ئەو سنورە ببەزێنرێ، چونکە ئەمە لەدیوێکیدا وێنای سەروەرێتی گەل دەکات بەو پێیەی ژمارەی دانیشتوان کاریگەرن لەسەر دیاریکردن وپیادەکردنی سەروەری لەوڵاتدا، ولەدیوێکی تریشەوە نابێتە هۆی دروستکردنی قورسایی دارایی و هەڵاوسان لەژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا.

وشیاوی ڕونکردنەوەیە ئەو ڕێگەیانەی باسکران لەدیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی، کەمتر ئەوە ڕوندەکاتەوە بازنەکانی هەڵبژاردن لەلایەن چ دەسەڵاتێکەوە دابەشدەکرێت ئاخۆ خودی دەستور دیاریدەکات، یان دەسەڵاتی یاسادانان یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن.. ئەوەی لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا باسدەکەین.

ئەوەش گرنگە لێرەدا ڕونبکرێتەوە، وەك چۆن دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن گرنگ وپێویستە ودەبێ ڕەچاوی ژمارەی دانیشتوان بکرێت تێیدا، ئاواش گرنگە کەبازنەکانی هەڵبژاردن دوبارە چاوی پێدابخشێنرێتەوە هەر ماوەی جارێك وگۆڕانکاری تێدا بکرێت بەگوێرەی گۆڕانکاری لەژمارە و دابەشبونی دانیشتوان لەو وڵاتدا. لەوەشەوە هێشتنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن بەبێ دەستکاری ورەچاونەکردنی گۆڕانکاری و جوڵەی دانیشتوان جۆرێك لەنادادپەروەری دروستدەکات لەنێوان دەنگدەرانی ناوچە جیاجیاکاندا.

وهەمو ئەو خاڵانەی وەك خاڵی ئەرێنی یەکبازنەیی هەڵبژاردن لەپێشدا باسکران دەبنە خاڵی نەرێنی لەفرەبازنەیی هەڵبژاردندا، بەتایبەت فرەبازنەیی وادەکات دەنگی دەنگدەرانی ناوچەیەك یان بازنەیەك تەنها کاریگەری هەبێ لەسەر ژمارەیەکی دیاریکراوی ئەندامانی پەرلەمان بەگوێرەی ئەو ژمارە کورسیانەی بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن دیاریکراوە، واتە دەنگی تەواوی دەنگدەران وەرناگێڕدرێت بۆ تەواوی کورسیەکانی پەرلەمان. بەو جۆرەش ئەم شێوازە وادەبینرێت کەکەمتر لەگەڵ سەروەرێتی گەلدا دێتەوە.

هەرچی خاڵە نەرێنیەکانی شێوازی یەکبازنەییە وەك لەپێشدا باسکران لەکاتی گرتەخۆی شێوازی فرەبازنەییدا ئەوا دەبنە خاڵی بەهێز و پۆزەتیڤ، دیارترین ئەو خاڵە پۆزەتیڤانەش بریتیە لەوەی پەیوەندی نێوان دەنگدەر ونوێنەر زیاتر نزیك دەکاتەوە ئەوەش لەبەر بەرتەسکی سنوری ڕکابەری وبانگەشەکردن ورەخساندنی دەرەفەتی زیاتر بۆ ئاشنابونی دەنگدەر بەئاستی گونجاوی و لێوەشاوەیی کاندیداکان وهەڵبژاردنی گونجاوترینیان.

لەوەشەوە ئەم شێوازە ڕۆڵی هەیە لەهەڵبژاردنی باشترینی کاندیدەکان بۆ ئەندامێتی پەرلەمان، بەواتای ئەوەی کوالێتی وئەزمونداری ئەندامانی پەرلەمان بەرزتر دەبێ بەبەراورد بە یەکبازنەیی هەڵبژاردن، چونکە ئەوکات تەوەری دیاریکردنی کاندیداکان تەنها لەخواست و ویستی پارتی سیاسیدا قەتیس نابێ، بەڵکو خواست و ویستی دەنگدەران وراوبۆچونیان لەهەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن ڕۆڵی کاریگەرییان دەبێ لەسەر دیاریکردنی کاندیدی پارتەکانیان.

سەربارى ئەوانەی پێشەوە فرەکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بەبەراورد بەیەکبازنەیی ڕێکخستنێکی یاسایی ئاڵۆزتری پێویستە، چونکە یەکبازنەیی ڕێکخستنێکی سادەی هەیە و وردەکاری ئەوتۆی پێویست نابێ. لەگەڵ ئەوەشدا فرەبازنەیی هەڵبژاردن بەردەوام دەبێتەهۆی وروژاندنی بابەتی دادپەروەری لەدابەشکردنی بازنەکاندا، کەدەبێتە بابەتێکی باو لەهەر گفتوگۆ ومشتومڕێکی سیاسی لەنێوان لایەنە ڕکابەرەکانی پرۆسەی سیاسی لەوڵاتدا، ئەو بارەی تاڕادەیەکی زۆر لەسایەی یەکبازنەییدا چاوەڕواننەکراوە.(ساعد، سەرچاوەی پێشو، لا٨)

## تەوەری دووەم

دەسەڵاتدابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن وئاسۆی پێشخستنی لەهەرێمی کوردستاندا

باسکردنی ئەم تەوەرە وەك لەناونیشانەکەیدا ڕونە دابەشدەبێت بۆ دو پار، لەپاری یەکەمدا باس لەدەسەڵاتی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن دەکرێت. ولەپاری دووەمدا باسەکە تەرخان دەبێت بۆ باسکردنی ئاسۆی پێشخستنی بازنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. بەمجۆرەی لای خوارەوە:

## پاری یەکەم

دەسەڵاتی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن

ژمارەیەك لەوڵاتان، تایبەتمەندی دیاریکردن و دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنیان داوەتە دەست دەسەڵاتی یاسادانان، وژمارەیەکی تر ئەو

ئەرکەیان خستۆتە سەر شانی لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ ئەو مەبەستە جیا لەو لایەنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات، یان دەدرێتە هەمان لایەنی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردن وەك لەهەندێ وڵاتی تر پەیرەو دەکرێ.(سعید، سەرچاوەی پێشو،لا٧٢و٧٣)

ئەگەرچی بەڕای توێژەر دەبێ جیاکاری بکرێت لەنێوان دیاریکردن لەلایەك ودابەشکردن ودابەشکردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردندا لەلایەکی ترەوە، چونکە زۆرینەی وڵاتان ئەو هەردو کارەکە بەڕێسای دەستوریی ویاسایی ڕێکدەخرێت بەتایبەت ئەو کاتەی سیستێمی پەیرەوکراوی هەڵبژاردن هەڵبژاردنی لیست بێت، وبازنەکانیش لەسەر بنەمای پارێزگاکان یان یەکەکارگێریەکان دیاری ودابەشکرابێ. هەرچی ئەو وڵاتانەیە کەزۆرتر پەیرەوی لەسیستێمی هەڵبژاردنی تاکەکەسی دەکەن ئەوا دیارکردنی بازنەکان زیاتر لەبەر ڕۆشنایی دەقە دەستوریی و یاساییەکانی پەیوەندار بەهەڵبژاردنەوە دیاریدەکرێت، بەڵام دابەشکردن و دوبارە دابەشکردنەوەی بازنەکان دەسپێرنە دەستەیەکی کارگێری یان هەمان ئەو دەستەیەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات. ئەوەش بەئامانجی جێبەجێکردنی دادپەروەری لەنێوان بازنەکاندا پێبەپێ لەگەڵ گۆڕانکاری وجوڵەی دانیشواندا.( الباز، حق المشاركه السياسيه، ١٩٩٢، لا١٠٤)

هەر بۆیە لەخوارەوە بەچەند بڕگەیەك باس لەدابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن دەکەین، نەوەك دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو کارە لەتایبەتمەندی دەقە دەستوری ویاساییەکانی بواری هەڵبژاردنە وەك لەپێشدا باسکرا:

١_ دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەلایەن دەسەڵاتی یاساداناەوە :

لەزۆرینەی وڵاتاندا پەیرەوی لەم ڕێگەیە دەکرێت بۆ دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بەجۆرێك خودی دەسەڵاتی یاسادانان هەڵدەستێ بەدیاریکردن ودابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەچوارچێوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان یان لەچوارچێوەی یاسایەکی تایبەت بەو بوارە. ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی دەقەدەستوریە پەیوەندارەکان بەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە. لەنمونەی ئەو وڵاتانەی ئەم شێوازە دەگرنەخۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، فەرەنسا، میسر، وعێراق.(البياتي، سەرچاوەی پێشو، لا٧٧)

لەهۆکارەکانی پێدانی دەسەڵاتی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بەدەسەڵاتی یاسادانان خۆی لەڕێگەگرتن دەبینێتەوە لەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی دابەشکردنەکە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بەتایبەت ترسی ئەوە هەیە تەنها حیزبێك کەپێکهێنەری کابینەی حکومیە ئەو پێگەیە بەکاربێنێ بۆ یاریکردن بەبازنەکانی هەڵبژاردنەوە بەئاقارێك ڕۆڵ وپێگەی ناوچەکانی جێ نفوزی خۆی پتەو و جێگیر بکات، یان بازنە وناوچەکانی جێ نفوزی ڕکابەرەکانی پەرت پەرت بکات ولەئەنجامدا نادادپەروەری و نایەکسانی لەنێوان بازنەکان وژمارەی دەنگدەراندا دروست بکات. بەجۆرێك دەنگدەرەکانی خۆی دەنگەکانیان قورسایی زیاتریان دەبێ بەبەراورد بەدەنگی دەنگدەرانی هێز و لایەنە ڕکابەرەکانی.(عبدالحفيظ،قانون تقسيم الدوائر:نظرة نقدية تحليلية، ٢٠١٥)

لەو وڵاتانەی یاسادانەر لەچوارچێوەی یاسای تایبەت بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی بازنەکانی هەڵبژاردنی دیاری ودابەشکردوە وڵاتی عێراقە، ئەوەتا لەچوارچێوەی یاسا دەرکراوەکانی هەڵبژاردن لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بازنەکانی هەڵبژاردن دیاریکراوە، دواترینیان یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانە ژمارە ٤٥ی ساڵی٢٠١٣ کاتێك بازنەکانی هەڵبژاردنی دیاریکردوە بەگوێرەی ژمارەی پارێزگاکانی عێراق کەهەژدە پارێزگا بوە لەکاتی دارشتنی یاساکە وسنوری هەر پارێزگایەکی وەك سنوری بازنەیەکی هەڵبژاردن دیاریکردوە. دواتر بۆ هەر بازنەیەك ژمارەیەکی هاوتای لەکورسی پەرلەمانی تەرخان نەکردوە بەڵکو پیوادنگی ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگاکەی بەهەند وەرگرتوە وەك لەدەستوردا دەقی لەسەر هاتوە، هەربۆیە لەخشتەی هاوپێچی یاساکەدا ناوی بازنەکانی هەڵبژاردن وژمارەی کورسي تەرخانکراو بۆیان جێگیر کراوە.(مادەی ١١/یەکەم لەیاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە ٤٥ی ساڵی ٢٠١٣)

بەوەش یاسادانەری عێراق ڕێگەی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن وکۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی گرتوە لەمەڕ دیاریکردن ودابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن ، چونکە بەشێوەیەکی ڕون وئاشکرا بەدەقی یاسایی ئەو بابەتەی ڕێکخستوە و بۆ ئەوانی بەجێنەهێشتوە. ئەمەش بەبڕوای توێژەر کارێکی باشە وبەخاڵێکی پۆزەتیف تۆماردەکرێت بۆ یاسادانەری عێراق. بەهەمان شێوەش یاسادانەر لەهەرێمی کوردستاندا لەچوارچێوەی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ تاکە بازنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دیاریکردوە.

هەرچی یاسادانەری میسریە لەدەروەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران وبە یاسایەکی تایبەت بازنەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی

نوێنەرانی دیاریکردوە، ئەویش یاسای دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنە ژمارە ٢٠٢ی ساڵی ٢٠١٤.هەرچەند دەرکردنی یاسایەکی لەو جۆرە بوبە جێی ڕەخنە ولەلای هەندێك بەکارێکی نامۆ ناسێنرا(عبدالحفيظ،قانون تقسيم الدوائر:نظرة نقدية تحليلية، ٢٠١٥)، لەگەڵ ئەوەشدا یاساکە بەشێوەیەکی ورد هەوڵیداوە بازنەکانی هەڵبژاردن دابەشبکات بەگوێرەی ئەو سیستێمە ئاڵۆزەی لەهەڵبژاردنەکە پەیڕەو دەکرێت کەئەویش سیستێمی تێکەڵاوە، بەشێکی کورسیەکان کەزۆرینەیە بەشێوەی هەڵبژاردنی تاکەکەسی پڕدەکرێتەوە وبەشەکەی تر بەشێوەی لیست پڕدەکرێنەوە.

دیارترین ئەو ڕەخنەیەش لەم شێوازە دەگیرێت لەقورسی وئاڵۆزی گۆڕانکاری کردن لەبازنەکانی هەڵبژاردن خۆی دەبینێتەوە چونکە لەهەر ویست وپێویستیەکی لەو جۆرە دەخوازێت یاسای هەڵبژاردن یان یاسای تایبەت بەدابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوە، ئاشکراشە پرۆسەی هەموارکردنەوەی یاسا پێویستی بەهەنگاو وقۆناغی زۆرتر دەبێ بەبەراورد بەکاری کارگێڕی.

زیاد لەوەش هەمان ترس کە لەپێدانی دەسەڵاتی دابەشکردنی بازنەکان بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن چاوەڕواندەکرێت، لێرەشدا چاوەڕوانکراوە، بۆیە هەندێك بەگەرانتیەکی ڕەهای نابینن، چونکە دەکرێ زۆرینە ڕەهای پەرلەمانیی لەلای ئەو پارت ولیستە بێت کە حکومەتی پێکهێناوە، لەوەشەوە ئەو پارتە یاسایەك دادەڕێژێت بۆ دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن کەلەگەڵ بەرژەوەندی خۆیدا بگونجێ وببێتە هۆی بچوککردنەوەی دەرفەتی ڕکابەرەکانی.(خالد،الأنظمة السياسية، ٢٠١٥، لا ٩٠)

٢_دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەڕێگەی لیژنەی تایبەتمەندەوە:

وەك لەپێشەوە باسکرا کاتێك سیستێمی هەڵبژاردنی تاکەکەسی پەیڕەو دەکرێت ولەبەر زۆری وبەرتەسکی بازنەکانی هەڵبژاردن تێیدا بابەتی دابەشکردن ودوبارە دابەشکردنەوەی بازنەکان لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەری لەنێوانیاندا دەبێتە فاکتێك و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت. لەبەرئەوە کاری دابەشکاری ئەدرێتە لیژنەیەکی تایبەتمەند بەو بوارە، نمونەی ئەو وڵاتانە کەئەدا وئوستراليا وئینگلترایە، بۆنمونە لەئەزمونی ئینگلتەرادا ئەرکی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنی سپێردراوەتە لیژنەیەکی تایبەتمەند بەناوی لیژنەکانی سنور بەو پێیەی سیستێمی هەڵبژاردنی تاکەکەسی پەیڕەو کردوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیی بەپێی یاسای ئەنجومەنی گشتی ئەو وڵاتە.(زين الدين، سەرچاوەی پێشو، لا٤٥١)

وهەریەك لەو لیژنانە دەبێ هەر دە بۆ پازدە ساڵ جارێك ڕاپۆرتێك پێشکەش بکات تێبینی وپێشنیازەکانی تێدا بخاتەڕو سەبارەت بەیەکێك یان گشت بازنەکانی هەڵبژاردن و ڕاپۆرتەکە پێشکەش دەکرێت بەوەزیری ناوخۆ، ئەویش لای خۆیەوە دەیخاتە بەردەست پەرلەمان بۆ پەسەندکردن یان پەسەندنەکردن، لەباری پەسەندکردنیشدا دەخرێتە بەردەست شاژن بۆ دەرکردنی ئیرادەی مەلەکی.(هريسى نژاد، حقوق اساسى تطبيقى، ١٣٨٧، لا٤٩)

لەهەڵسەنگاندنی ئەم شێوازەدا هەندێك پێیان وایە لەبەرئەوەی لەباری پێدانی تایبەتمەندی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بەدەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن ترسی خراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە چاوەڕوانکراوە بۆیە چارەسەرێکی گونجاوە ئەو ئەرکە بدرێتە لێژیەکی سەربەخۆ و پیشەیی.(اسماعیل، سەرچاوەی پێشو، لا١٠٥)، لەبەرانبەردا بەشێکی تر وای دەبینن ئەم لیژنانە ڕەنگە لەکاتی ڕایکردنی کارەکانیدا توشی بەریەککەوتن بێت لەگەڵ کێشمەکێشی نێوان پارتە سیاسیەکان لەکاتی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی بەتایبەت کاتێك ئەندامێتی تێیدا ببەسترێتەوە بەڕەزامەندی حیزبیەوە ئەوەش بێگومان بێلایەنی ئەو لیژنانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.(سعيد، سەرچاوەی پێشو، لا٧٩)

لەوەشەوە بەڕای توێژەر دیاریکردنی ئەو لیژنانە بۆ دابەشکرنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەو کۆمەڵگایانە زیاتر دەتوانێت بەشێوەیەکی پاك وپیشەیی کارەکانی ئەنجام بدات کە دیموکراسی وهۆشیاری سیاسی هەنگاوی زۆری هەڵهێناوە وبەئاسانی دەتوانرێت بەشێوەیەکی دامەزراوەیی سەربەخۆبون وپیشەیی بون لەپێکهاتن وکارەکانیدا جێگیر بکرێت، جیاواز لەو وڵاتانەی ئەو بەهایانە تەنها ناو وناونیشان ئەو جۆرە دامەزراوانە بونی هەیە کەچی لەڕوی پێکهاتن وکارەوە بەو جۆرە نیە. بۆیە لەم کۆمەڵگایانەدا دابەشکردنەکە بسپێردرێتە دەسەڵاتی یاسادانان گونجاوترە.

٣_ دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەڕێگەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە:

بەپێی ئەم شێوازە دەسەڵاتی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن یەکێك دەبێت لەتایبەتمەندیەکانی حکومەت، بەجۆرێك خودی دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵدەسێ بەدابەشکردن ودوبارە پێداچونەوە بەسنوری بازنەکانی هەڵبژاردندا لەوڵات. ئەمەش وەك لەپێشدا باسکرا ترسێك

دروست دەكات بەوەی ئەو تایبەتمەندیە بۆ بەرژەوەندی پارت وهاوپەیمانی دەسەڵاتدار بقۆزرێتەوە لەرێگەی كردنەوەی بازنەی هەڵبژاردن بۆ ئەو جێگانەی دەبنە جێنفوزی، یان لەرێگەی هەڵوەشانەوە وپەرتكردنی دەنگ وسەنگی ڕكابەرانی لەنێو ژمارەیەكی زۆری بازنەی هەڵبژاردن. (سعید، سەرچاوەی پێشو، لا٧٩) لەوەشەوە دەكرێت ببێتە یەكێك لەرێگەكانی ساختەكاری لەهەڵبژاردنەكە یان تێكدانی پرۆسەكە بەگشتی. (ساری، النظام الانتخابي على ضوء قضاء المحكمة الدستورية العليا، ٢٠٠٥، لا٧٣)

لەنمونەی ئەو وڵاتانەش كەپەیرەوی لەم رێگەیە دەكەن وڵاتی مەغریبە بەپێی یاسای رێكخستنی پرۆسەكانی هەڵبژاردن دەسەڵات دراوەتە وەزیری ناوخۆ وەك رەگەزێكی دیاری دەسەڵاتی جێبەجێكردن بە دابەشكردن ودابەشكردنەوەی بازنەكانی هەڵبژاردن.(مادەی١، ٢ لە یاسای رێكخستنی ژمارە ٢٧,١١ لە١٤ی/١٠/٢٠١١)

توێژەر لێرەدا تەواو هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی پێدانی تایبەتمەندی بەدەسەڵاتی جێبەجێكردن بەدابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی كۆكردنەوەی هەردو سیفەتی ڕكابەر و داوەر لەیەك لایەندا، ئەوەش لەگەڵ پرنسیپی دادپەروەری و بێلایەنیدا ناگونجێ، چونكە ئەو بارە رێگەخۆشدەكا دەسەڵاتداران لەقازانجی خۆیان ولەپێناو جێبەجێكردنی خواستە بەرتەسك وتایبەتیەكانیان و لەدژ ڕكابەرەكانیان بەكاریببەن. ناكرێ ئەوەش لەبیر بكرێ كەلەهەمو بارەكاندا ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لەوڵاتدا لەجێگیركردنی هاوسەنگی و بەرجەستەكردنی تەواوی رێسا پەیوەندارەكانی دابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن لەنمونەی( سیفەتی نوێنەرایەتیكردن، یەكسانی نێوان دەنگدەران، وبێلایەنی دەسەڵاتی دابەشكاری بازنەكان..) نادیدە بگیرێت. ئەوەش بەگوێرەی ئەو ڕۆڵە چاودێریكارە كاریگەرەی كەخاوەنێتی.(بۆ زیاتر بڕوانە:اسماعيل، سەرچاوەی پێشو،لا ١٠٦_١٠٧، و سعيد، سەرچاوەی پێشو، لا ٨٠ ودواتر).

## پاری دوەم

ئاسۆی پێشخستنی دیاریكردنی بازنەی هەڵبژاردن لەهەرێمی كوردستاندا

وەك لەپێشدا ئاماژەی پێدرا لەهەرێمی كوردستاندا پەیرەوی لەشێوازی یەكبازنەیی هەڵبژاردن كراوە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیدا لەو پێنج خولەی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، ئەو بارەش بەگوێرەی یاسای پەرلەمانی كوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، ئەگەرچی خودی ئەو یاسایە پێش ئەوەی هەمواربكرێتەوە فرەبازنەیی گرتبوەخۆ وەك لەپێشدا باسكرا.

ئەوەش یارمەتیدەری سەرەكی بوە، بەرای توێژەر، بۆ گرتنەخۆی ئەم جۆرەی دیاریكردنی بازنەی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك:

١_ سانایی جێبەجێكردنی پرۆسەكانی هەڵبژاردن بەهۆی فرەنەكردنی بازنەی هەڵبژاردنەوە، بەجۆرێك لەیەكبازنەدا دەنگەكان دەژمێردرین وجیادەكرێنەوە و كورسیەكانیش دابەشدەكرێن.

٢_ لەخۆگرتنی سیستێمی هەڵبژاردنی لیست ونوێنەرایەتی رێژەیی وەك شێوازێك بۆ دابەشكردنی كورسیەكانی پەرلەمان ودیاریكردنی براوەكان رێگەخۆشكەرە بۆ ئەوەی دیاریكردنی یەكبازنەیی پەیرەو بكرێت. بەپێچەوانەی سیستێمی تاكەكەسی وزۆرینەی هەڵبژاردن كەڕاستەوخۆ پێویستی بەفرەكردنی بازنەكانی هەڵبژاردنە.

٣_ وەك باسكرا یەكبازنەیی هەڵبژاردن زیاتر لەگەڵ ئەو وڵات وهەرێمانەدا دەگونجێ كەڕوبەر و ژمارەی دانیشتوانیان زۆر وفراوان نیە، بۆیە لەو تێڕوانینەوە دەكرێت وابخوێنرێتەوە كەیەكبازنەیی لەهەرێمدا ژینگەیەكی تارادەیەك گونجاوی دۆزیوەتەوە.

٤_ نەبونی هەوڵ وپرۆژەی پارتە سیاسیە ڕكابەرەكانی هەرێمی كوردستان بەئاراستەی فرەكردنی بازنەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمان هۆیەكی تری هێشتنەوەی یەكبازنەییە، بەتایبەت لەلایەن ئەو دو پارتە گەورەیەی بەشداربونە لەپێكهێنانی كابینە یەك لەدوایەكەكانی حكومەتدا وایكردوە هیچ یەكیان پرۆژەیەكی لەو جۆرە پێشكەش نەكەن، سەرباری ئەوەش ئەو داواكاریەش لەلایەن پارتەكانی تری دەرەوەی ئەو پارتەش نابینرێت.

وپەیوەست بەهێشتنەوە یان گۆڕانكاریكردن لەشێوازی دیاریكردن یەكبازنەیی هەڵبژاردن لەهەرێمدا توێژەر ڕاپرسیەكی لەنێو دەنگدەراندا ئەنجامداوە سەبارەت بەیەكبازنەیی هەڵبژاردن وفرەكردنی ولێكەوتەكانی هەر یەك لەو دو شێوازە لەسەر نوێنەرایەتیكردن وپرۆسەی سیاسی بەشێوەیەكی گشتی.

لەڕاپرسیەكەدا ١٠٤ فۆرم دابەشكرابو بەسەر چین و توێژە جیاجیاكاندا بەتایبەت لەسەر ئاستی خوێندكار و مامۆستای زانكۆ، بەهەردو

ڕەگەزەوە. بەرچاوکردنی تەمەن و ئینتمای حیزبی وبەشداریکردنی لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا. هەموو ئەوانەش لەخشتەکانی (١_٥)دا ئاماژەیان پێکراوە.

لەناوەرۆکی ڕاپرسیەکەدا چەندین پرسیار خراونەتەڕو سەبارەت بەدو تەوەری سەرەکی، ئەوانیش یەکبازنەیی وفرەبازنەیین سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لەهەرێمدا. لێرەدا هەوڵئەدەین دەرەنجامەکان وشیکردنەوەیان لەدو خاڵدا بخەینە ڕو، ولەخاڵی سێیەمدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەرەنجامانە بەپرۆژەیەك ئاسۆی بازنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بخەینەڕو:

یەکەم: دەرەنجامەکانی تەوەری یەکبازنەیی هەڵبژاردن:

لەم تەوەرەی ڕاپرسیەکەدا ١٣ پرسیار خراوەتەڕو سەبارەت بەیەکبازنەی هەڵبژاردن ولێکەوتەکانی تایبەت بەپرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وئاست وجۆری نوێنەرایەتی، وچەند بارودۆخێکی پەیوەست بەدەنگدەران ونوێنەرانیش.

لەدەرەنجامی ڕاپرسیەکەوە سەبارەت بەو پرسیارانەی لەم تەوەرەوە خراوەتە بەردەست بەشداربوانی ڕاپرسیەکە، ولەرێگەی وەرگرتنی وەڵامی زۆرینەوە ، ئەم دەرەنجامانە بەرجەستە دەبن: (بۆ وردەکاری زیاتر سەبارەت بەدەرەنجامەکان بڕوانە خشتەی ژمارە_٦_)

_ یەکبازنەیی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی هەرێمدا بۆشاییەکی گەورەی لەنێوان دەنگدەر ونوێنەر دروستکردوە.بەوەش ئەم جۆرە دیاریکردنە نەیتوانیوە دەنگدەر لەنوێنەر نزیکبکاتەوە.

_ یەکبازنەیی پاڵنەرێك نەبوە بۆ بەشداریکردنی زۆرتری دەنگدەران لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە هۆکارێك بوە بۆ بەشدارینەکردن یان کەمی بەشداریکردن لەو پرۆسەیەدا.

_ یەکبازنەیی ڕۆڵی دەنگدەرانی کەمکردۆتەوە لەبراوەکردنی باشترینی کاندیدەکان بۆ ئەندامێتی پەرلەمان

_ یەکبازنەیی هەڵبژاردن هاوکار نەبوە بۆ بونی نوێنەرانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم لەپەلەماندا.ئەگەرچی بەرێژەیەکی زۆر کەم ئەم ڕایە پارسەنگ دراوە لەگەڵ پێچەوانەکەیدا.

_ یەکبازنەیی ڕۆڵی هەبوە لەکەمکردنەوەی کێبڕکێی هەڵبژاردندا.

_ یەکبازنەیی وایکردوە ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەرانی پارێزگایەك کاریگەری هەبێ بەسەر تەواوی دەرەنجامەکانەوە لەقازانجی لایەنێکی ڕکابەر لەهەڵبژاردندا.

_ یەکبازنەیی ڕێگر نیە لەئەنجامدانی ساختەکاری لەهەڵبژاردندا

_ یەکبازنەیی ڕۆڵی هەبوە لەبراوەکردنی پارتە سیاسیە بچوکەکان بەکورسی پەرلەمانی

_ لەیەکبازنەیی هەڵبژاردندا پارتە سیاسیە گەورە ڕکابەرەکان زیانیان بەرکەوتوە.

_ پێویستە یەکبازنەیی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گۆڕانکاری تێدا بکرێت.

دوەم: دەرەنجامەکانی تەوەری فرەبازنەیی هەڵبژاردن:

هەرچی پەیوەنداره بەتەوەری فرە بازنەییەوە ئەوا دەرەنجامەکانی ڕاپرسیەکە بەم شێوەیە دەکەونەوە :( بۆ زیاتر سەبارەت بەرێژەی سەدی ڕاکان بڕوانە خشتەی ژمارە_٧_)

_ پێویستە شێوازی دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەیەکبازنەییەوە بگۆردرێت بۆ فرەبازنەیی

_ چاوەڕوان دەکرێت بەفرەبازنەکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆشایی نێوان دەنگدەر ونوێنەر کەمبێتەوە.

_ فرەکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وادەکات کوالیتی ئەندامانی بەرزتر بێتەوە لەرێگەی براوەکردنی خاوەن بڕوانامە و ئەزموندار لەروی بەڕێوەبردن و سیاسەتەوە.

_ فرەبازنەیی هەڵبژاردن تارادەیەکی زۆر گەرانتی بونی نوێنەری ناوچە جیاجیاکانی هەرێم دەکات لەپەرلەماندا.

_ فرەبازنەیی هاوکار دەبێ بۆ زیاتر بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لەهەرێمدا.

_ فرە بازنەی ڕۆڵی کاریگەری نابێ لەکەمکردنەوەی ساختەکاری لەهەڵبژاردندا.لەبەرانبەریشدا نابێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ

ساختەکاری لەهەڵبژاردندا.

_ فرەبازنەیی ڕۆڵی ئەرێنی دەبێ بەبەراورد بە تێچو و قورسکردنی خەرجیەکانی

_دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەهەرێمدا پێویستە لەدەسەڵاتی دامەزراندن بێت وبەدەق دەستوری ڕێکخرابێ.٦١,٥٪ لەگەڵ ئەم بژاردەدا بوە، دیاریکردنەکە گونجاوە بدرێتە دەسەڵاتی یاسادانان ٦٨,٣٪ لەبەشدارانی ڕاپرسیەکە هاوران لەو بارەیەوە، ولەباری پێدانی تایبەتمەندی دیاریکردنە بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن بەتایبەت وەزراەتی ناوخۆ ١٦,٣٪ لەگەڵ ئەم بژاردەدا بون، هەرچی سپاردنی ئەو دەسەڵاتەیە بەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم ئەوا ٤٤,٢٪ لەگەڵ دەبێت.

_ لەباری فرەکردنی بازنەکانی هەڵبژاردندا ئەوا گونجاوە بکرێتە چوار بازنە، بەجۆرێك هەر پارێزگایەكی هەرێم بکرێتە بازنەیەك، وژمارەی دانیشتوان بکرێتە پێوەر بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسی پەرلەمانی بۆ هەر پارێزگایەك.٥١٪ی بەشداربوان لەگەڵ ئەم دابەشکاریە بون. ودەکرێت بازنەکان زۆرتر بکرێن وبەپێی چڕی دانیشتوان لەهەر بازنەیەکەوە هەمان ژمارەی کورسی پەرلەمانی پڕ بکرێتەوە. ئەم بژاردەیەش ٤٥,٢٪ لەگەڵن.

_ فرەبازنەیی لەهەرێمدا لەقازانجی پارتە گەورەکان و زیانی پارتە بچوکەکاندا دەبێت.

_ فرەبازنەیی هەڵبژاردن لەخزمەت بەرجەستە وپتەوکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی دەبێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، وخزمەتیش بەپێشخستنی پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێمدا دەکات.

سێیەم: پرۆژەی فرەبازنەکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان:

لەسۆنگەی ئەو دەرەنجامانەی لەڕاپرسیەکەدا کەوتونەتەوە وەك لەپێشدا باسکران بەڕونی دەردەکەوێت کەفرەبازنەیی هەڵبژاردن بژاردەیەکە جێی ڕەزامەندی زۆرینەی بەشداربوانە و بەو شێواز و ڕێگایانەی لەچوارچێوەی دەرەنجامەکاندا هاتون.

بۆیە لەم بەشەی باسەکەدا توێژەر هەوڵئەدات پرۆژە وتێڕوانینێك بخاتەڕو سەبارەت بەجۆر وژمارەی دیاریکردن ودابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی. بەڵام گرنگە ئاماژە بەوەش بکرێت ئەو دیاریکردن ودابەشکردنە بەستراوەتەوە بەو سیستەمانەی هەڵبژاردنەوە کەپەیڕەو دەکرێن.

چونکە لەسیستێمی لیست ونوێنەرایەتی ڕێژەیی وەك پەیرەو دەکرێ لەهەرێمدا ئاسان نیە ئەو دەرەنجامانەی پێشو جێبکرێنەوە، کەوابێ توێژەر بەگرنگی دەزانێت بۆ ئەوەی فرەبازنەیی هەڵبژاردن لەهەرێمدا بەشێوەیەکی دروست جێبکرێتەوە شانبەشانی ئەوە گۆڕانکاری لەسیستێمەکانی هەڵبژاردنیشدا بکرێت.لەو ڕووەشەوە گونجاوترین سیستێم بۆ هەرێم بەڕای توێژەر سیستێمی تێکەڵاوە، واتە کۆکردنەوەی هەردو سیستێمی تاکەکەسی ولیست، وهەردو سیستێمی زۆرینە و نوێنەرایەتی ڕێژەیی، یەکەمیان وەك ئامرازێك بۆ خۆپاڵاوتن بەجۆرێك لەهەندێك بازنەوە خۆکاندیدکردن تاکەکەسی بێت، ولەچەند بازنەیەکی ترەوە کاندیدکردن بەلیست بێت، ودوەمیان بەشێك لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەڕێگەی سیستێمی زۆرینە و براوەی کورسی پەرلەمانیی بن، وبەشێکی تریان بەپێی سیستێمی لیستی حیزبی براوەی هەڵبژاردن بن.(زنگنە،وسعید، ڕێکخستنی یاسایی دابەشکردنی کورسیە گشتیەکان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیدا_عێراق وهەرێمی کوردستان بەنمونە_، ٢٠١٨، لا١٨٤-١٨٥)

لەوانەشەوە سیستێمی تێکەڵاو فرەکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەهەرێمدا دەکاتە فاکتێك ودەبێت پەیڕەو بکرێت، لەو پێناوەشدا توێژەر بەرەچاوکردنی دەرەنجامەکانی ڕاپرسیەکە لەمەڕ پێشخستن وگۆڕانکاریکردن لەبازنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا پرۆژەیەك دەخاتەڕو بریتیە لە:

دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای پارێزگاکان کەژمارەیان ٤ پارێزگایە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە)، دواتر دابەشکردنی کورسیە گشتیەکان کەژمارەیان ١٠٠ کورسیە بەسەر بازنەکاندا بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی هەر بازنەیەك.

زیاد لەوەش دابەشکردنی کورسیە تەرخانکراوەکانی هەر بازنەیەك بەسەر دوبەشدا، بەشێکیان لەڕێگەی سیستێمی لیستی حیزبی ونوێنەرایەتی ڕێژەیی پڕ بکرێتەوە، وبەشەکەی تر لەڕێگەی دابەشکردنی ناوچەکانی پارێزگاکە بۆ ژمارەیەك بازنەی هەڵبژاردن بەگوێرەی ژمارەی نیوەی دوەمی کورسیە تەرخانکراوەکان وهەڵبژاردنی یەك کاندید لەهەر بازنەیەکەوە.

بەو پێیە دەنگدەرانی هەر پارێزگایەك لەیەك كاتدا دو دەنگ دەدەن، جارێك بە لیستی حیزبی لەسەر ئاستی بازنەی پارێزگاكە وجارێكی بە كاندیدێكی دیاریكراو لەو بازنە تاكەكەسی وبچوكەی ناوی تێدا تۆماركراوە. بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر پێشنیاز دەكات دیاریكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن لەرێگەی دەقی دەستوری بنەماكانی جێگیر بكرێت، ودابەشكاریەكە ودیاریكردنی سنوری هەر بازنەیەك بەتایبەت بازنە تاكەكەسیەكان لەرێگەی دەقی یاساییەوە لەچوارچێوەی یاسای تایبەت بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان رێكبخرێت.

## كۆتایی

لەدوای تاوتوێكردنی بابەتی باسەكە بەگوێرەی پلانی كێشراو توێژینەوەكە گەشتۆتە ژمارەیەك دەرەنجام وخستنەڕوی ڕاسپاردە و پرۆژەیەكی تایبەت بۆ جۆری دیاریكردن ودابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەهەرێمدا:

### یەكەم: دەرەنجامەكان:

١_ لەناسینی چەمكی بازنەی هەڵبژاردندا دو ڕەگەز ڕەچاودەكرێت، ڕەگەزی یەكەم ڕەگەزێكی جوگرافیە یان وەك ناودەبرێ ڕەگەزی ڕوكاریی، پەیوەستە بەجەختكردنەوە لەو پێگە جوگرافیایەی جیادەكرێتەوە و ژمارەیەك كورسی پەرلەمانی بۆ تەرخاندەكرێت، وڕەگەزی دوەم بریتیە لەڕەگەزی بابەتیی كەپەیوەستە بەژمارەیەكی دیاریكراو لەدەنگدەران وژمارەیەكی وێناكراو لە كورسی پەرلەمانیان بۆ دابڕ دەكرێت.

٢_ یەكبازنەیی هەڵبژاردن زیاتر دەگونجێ لەگەڵ سیستێمی نوێنەرایەتی ڕێژەیدا، نەوەك سیستێمی زۆرینە. چونكە لەگریمانەی كۆكردنەوەی سیستێمی یەكبازنەیی و سیستێمی زۆرینەی هەڵبژاردندا ئەوا ئەنجومەنی نوێنەرایەتی یەكڕەنگ دەبێ وئەو پارتە یان ئەو قەوارەیەی زۆرترینی دەنگەكانی بەدەستهێنابێ دەبێتە براوەی تەواوی كورسیەكانی پەرلەمان ئەوەش تارادەیەكی زۆر ناگونجێ لەگەڵ سیستێمی دیموكراسیدا.

٣_ لەیەكبازنەیدا دەنگدەر ئاسۆیەكی ناڕونی دەبێ سەبارەت بەو كاندیدایانەی حیزبەكەی دیاریكردون ولەلیستەكەی جێیكردونەتەوە، چونكە چاوەڕواندەكرێت چانسی ئەو كاندیدایانە زیاتر بێت بۆ دەرچون وبەدەستهێنانی كورسی پەرلەمانی كەزیاتر لەهۆیەكانی ڕاگەیاندنەوە دەركەوتوتر وناسراوترن، نەوەك ئەو كاندیدایانەی پرۆفیشناڵتر و شارەزاترن لەسێكتەرە جۆربەجۆرەكانی زانست وژیاریدا.

٤_ فرەبازنەیی هەڵبژاردن فۆرمێكی ڕێكارە پێشینیەكانی پرۆسەی هەڵبژاردنە، وبەواتای دابەشكردنی هەرێمی وڵاتەكە دێت بۆ چەند ناوچەیەكی هەڵبژاردن و لەهەر ناوچەیەكەوە نوێنەرێك یان زیاتر هەڵدەبژێردرێت بەگوێرەی ئەو سیستێمی هەڵبژاردنەی پەیرەو دەكرێ لەوڵاتدا.

٥_ بەدیدی توێژەر گونجاوترین ڕێگە بۆ دیاریكردنی ئەندامانی پەرلەمان لەوەشەوە دابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن بریتیە لە بەستنەوەی كورسیەكانی پەرلەمانیی بەژمارەی دانیشتوانەوە لەگەڵ دیاریكردنی بنمیچێك وەك سنورێكی دەستوری كەنەكرێت ئەو سنورە ببەزێنرێ، چونكە ئەمە لەدیوێكیدا وێنای سەروەرێتی گەل دەكات بەو پێیەی ژمارەی دانیشتوان كاریگەرن لەسەر دیاریكردن وپیادەكردنی سەروەری لەوڵاتدا، ولەدیوێكی تریشەوە نابێتە هۆی دروستكردنی قورسایی دارایی و هەڵاوسان لەژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا.

٦_دەبێ جیاكاری بكرێت لەنێوان دیاریكردن لەلایەك ودابەشكردن ودابەشكردنەوەی بازنەكانی هەڵبژاردندا لەلایەكی ترەوە، چونكە لەزۆرینەی وڵاتاندا دیاریكردن ودابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن بەڕێسای دەستوریی ویاسایی ڕێكدەخرێت بەتایبەت ئەوكاتەی سیستێمی پەیڕەوكراوی هەڵبژاردن هەڵبژاردنی لیست بێت، وبازنەكانیش لەسەر بنەمای پارێزگاكان یان یەكەكارگێڕیەكان دیاری ودابەشكرابێ.

٧_ هەرچی ئەو وڵاتانەیە كەزۆرتر پەیرەوی لەسیستێمی هەڵبژاردنی تاكەكەسی دەكەن ئەوا دیاركردنی بازنەكان زیاتر لەبەر ڕۆشنایی دەقە دەستوریی و یاساییەكانی پەیوەندار بەهەڵبژاردنەوە دیاریدەكرێت، بەڵام دابەشكردن و دوبارە دابەشكردنەوەی بازنەكان دەسپێرنە دەستەیەكی كارگێڕی یان هەمان ئەو دەستەیەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكان دەكات. ئەوەش بەئامانجی جێبەجێكردنی دادپەروەری لەنێوان بازنەكاندا پێبەپێ لەگەڵ گۆڕانكاری وجولەی دانیشتواندا.

٨_ پێدانی تایبەتمەندی بەدەسەڵاتی جێبەجێكردن بەدابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی كۆكردنەوەی هەردو سیفەتی ڕكابەر و داوەر لەیەك لایەندا، ئەوەش لەگەڵ پرنسیپی دادپەروەری و بێلایەنیدا ناگونجێ، چونكە ئەو بارە ڕێگەخۆشدەكا دەسەڵاتداران لەقازانجی خۆیان ولەپێناو جێبەجێكردنی خواستە بەرتەسك وتایبەتیەكانیان و لەدژ ڕكابەرەكانیان بەكاریبەن.

٩_ پەیوەست بەهێشتنەوە یان گۆڕانكاریكردن لەشێوازی دیاریكردن یەكبازنەیی هەڵبژاردن لەهەرێمدا توێژەر ڕاپرسیەكی لەنێو دەنگدەراندا

ئەنجامداوە سەبارەت بەیەکبازنەیی هەڵبژاردن وفرەکردنی، ولێکەوتەکانی هەر یەك لەو دو شێوازە لەسەر نوێنەرایەتیکردن وپرۆسەی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی. وئەنجامەکانی لەناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا ولەخشتەکانی هاوپێچدا بەتەواوی وردەکاریەوە ئاماژەی پێدراوە.

## دووەم: ڕاسپاردەکان:

توێژەر لەناوەڕۆکی باسەکەدا بەتایبەت لەپاری دووەمی تەوەری دووەمدا چەند ڕاسپاردەیەکی لەچوارچێوەی پرۆژەیەکدا سەبارەت بەفرەکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وشێوازی ڕێکخستنی خستۆتەڕو وبۆ ئەو مەبەستە پێشنیاز بۆ دەسەڵاتی سیاسی ودەسەڵاتی یاسایی لەهەرێمی کوردستان دەکات بۆ جێکردنەوە و جێبەجێکردنی لەدەستوری هەرێم و یاساکانی بواری هەڵبژاردنی پەرلەمانیی.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب بەزمانی عەرەبی:

١_ الباز ، داود ، حق المشاركه السياسيه، ١٩٩٢، رساله دكتوراه، جامعه الاسكندريه.

٢_-زين الدين، بلال أمين، النظم الانتخابية المعاصرة، ط١، ٢٠١١، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، مصر.

٣_ اسماعيل، د.عصام نعمة، النظم الانتخابية- دراسة حول العلاقة بين النظام السياسي والنظام الانتخابى، ٢٠١١،ط٢، منشورات زين الحقوقية،لبنان.

٤_ سعيد، د.زانا جلال، الرقابة القضائية على صحة الانتخابات البرلمانية، ٢٠١٨،ط١، دار الجامعي الحديث، مصر.

٥_- خالد، د.حميد حنون، الأنظمة السياسية، ٢٠١٥، ط٢، مكتبة السنهوري، بغداد، العراق

٦_ الجبوري، هاشم حسين، الضمانات الدستورية لنزاهة الانتخابات النيابية، ٢٠١٣، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية ، مصر.

٧_ عبابكر،ياسين محمود، دور الانتخابات البرلمانية في عملية التحول الديمقراطي في العراق بعد٢٠٠٣، ٢٠١٣، اربيل، اقليم كوردستان_العراق.

٨_ الشاوى، د.منذر، الإقتراع السياسى، ٢٠٠١،بغداد.

٩_ حمدي، عمر نهاد عطا، أثر نتائج الإنتخابات على ممارسة السلطة وحقوق الفرد، ٢٠١٤، ط١، مكتبة الوفاء القانونية، الاسكندرية، مصر.

١٠- سارى،د.چورچى شفيق، النظام الانتخابى على ضوء قضاء المحكمة الدستورية العليا، ٢٠٠٥، ط٢، دار النهضة العربية، القاهرة.

١١_ عفيفى، د.عفيفى كامل، الانتخابات النيابية وضماناتها الدستورية والقانونية في القانون المصرى والمقارن، ٢٠٠٠، دون ذكر لدار النشر ومكانه.

### دووەم: کتێب بەزمانی فارسی :

١_پناهى، د.سيد أبوالفضل قاضى_ شريعت پناهي-، حقوق اساسى ونهادهاى سياسى، ١٣٩٣هـ ، چ ١٣ ، بنياد حقوق ميزان، تهران.

٢_ هريسى نژاد، دكتر كمال الدين، حقوق اساسى تطبيقى، ١٣٩٠هـ، ط٢، انتشارات آيدن، تبريز، ايران.

سێیەم: تێزو نامە وتوێژینەوەی زانستی:

١_ شريف، أمين فرج، الحكم الصالح في اقليم كوردستان_العراق، ٢٠١٣، اطروحة دكتوراه، كلية القانون والسياسة، جامعة السليمانية.

٢_ البياتي، وائل منذر حسون، الاطار القانوني للإجراءآت السابقة على انتخابات مجلس النواب العراقي، ٢٠١١، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة المستنصرية.

٣_ ساعد، عبدالرحيم، النظام القانوني للدوائر الانتخابية في الجزائر، ٢٠١٤-٢٠١٥، رسالة ماجستير، جامعة قاصدى مرباح ورقلة، جزائر.

٤_ كامل،أسامة، ترسيم حدود الدوائر الانتخابية بين المعايير الدولية وتداعيات قانون تقسيم الدوائر الانتخابية في مصر ٢٠١٥، ط١، المبادرة المصرية للحقوق الشخصية ، القاهرة، مصر.

٥_ عبد الحفيظ، أحمد، قانون تقسيم الدوائر: نظرة نقدية وتحليلية، ٢٠١٥، مقال منشور بمركز الدراسات السياسية والاستراتيجية ، منشور

على الموقع الالكتروني، aspx.٥٤٢٣/http//acpss.ahram.org.eg/news

٦_ زنگنه، د.اسماعيل نجم الدين، و سعيد، د.زانا جلال، ڕێکخستنی یاسایی دابەشکردنی کورسیە گشتیەکان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیدا_عێراق وهەرێمی کوردستان بەنمونە، ٢٠١٨، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لەگۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان_سلێمانی، بەرگی ٢، ژ ٢، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

٧_ كوكس، كارين، اليابان: التكيف لنظام انتخابي جديد، بحث منشور في انواع الانظمة الانتخابية، اندرو رينولدز والآخرون، ت:كرستنا خوشابا بتو، ٢٠٠٧، ط١، مؤسسة موكرياني للنشر، اربيل، اقليم كوردستان.

٨- الحميدة، د.خليفة ثامر ، الاسس الدستوريه في تحديد الدوائر الانتخابيه، ٢٠٠٤، مجلة الحقوق_كلية الحقوق_ جامعة كويت، العدد الثالث.

**چوارەم: دەستور وياساكان:**

١_ دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥

٢_ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە ٤٥ی ساڵی ٢٠١٣ ی هەموارکراو

٣_ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو

٤_ یاسای ڕێکخستنی مەغریبی ژمارە ٢٧,١١ لە١٤ی/٢٠١١/١٠ پەیوەندار بەئەنجومەنی نوێنەرانەوە.

## Summary

The single constituency of the Kurdistan Parliament elections has been adopted over the five electoral cycles held in the region. This type of electoral districts allocation in the region is one of the few applications adopted by the electoral systems in the countries of the world, to the extent that it is considered an exception to the general rule that requires multiple electoral districts.

The adoption of a single circle in reality results in different outcomes and ramifications related to both the electorate and the elected, as well as the electoral processes and the political process as a whole and the participation of citizens in it, and, in comparison to the adoption of multi constituency, they create very different results.

This study attempts to show the concepts and frameworks related to the methods of selection and distribution of constituencies and the results and evaluation of any of them, by making reference to the relevant authority to determine and distribute constituencies, and this study asked whether the same authority can regulate the allocation or it has to be done by the establishing authority, and the selection would be the jurisdiction of another authority such as the legislative or executive.

This research paper has examined point of view of voters in the Kurdistan Region through the adoption of a questionnaire that asked their views and attitudes towards the unity of the electoral districts, as well as their aspirations to move to adopt the style of multiple constituencies. The results of the questions raised within the framework of the questionnaire have a direct effect in assisting the researcher in presenting a proposal or a project to apply the method of multi constituencies to the elections of the Kurdistan Parliament in subsequent sessions by including the constitution of the upcoming region with related constitutional articles and making the necessary amendments in the electoral laws and texts.

خشتەی (1) رەگەز

| رەگەز | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| نێر | 63 | 60.6% |
| مێ | 41 | 39.4% |
| المجموع | 104 | 100 |

خشتەی (2) تەمەن

| رەگەز | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| 18 بۆ 30 ساڵ | 33 | 31.7% |
| سەرووی 30 ساڵ | 71 | 68.3% |
| المجموع | 104 | 100 |

خشتەی (3) ئاستی زانستی

| الفئه | العدد | النسبه المئويه |
|---|---|---|
| بنەڕەتی و ئامادەیی | 11 | 10.6% |
| بەکالۆریۆس | 40 | 38.5% |
| ماستەر | 25 | 24% |
| دکتۆرا | 28 | 26.9% |
| المجموع | 104 | 100 |

نەخشەی (4) ئینتمای سیاسی

| الفئه | العدد | النسبه المئويه |
|---|---|---|
| بێلایەن | 81 | 77.9% |
| ئەندامی حزب | 23 | 22.1% |
| المجموع | 104 | 100 |

نەخشەی (5) بەشداریکردن لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن

| الفئه | العدد | النسبه المئويه |
|---|---|---|
| پرۆسە 2 – 1 | 22 | 21.2% |
| لە 2 پرۆسە زیاتر | 74 | 71.2% |
| بەشداری نەکردووە | 8 | 7.7% |
| المجموع | 104 | 100 |

**ئەخشەی (6) پەکهاتەی هەلبژاردن**

| | | | ناوەندە بۆهای | هاورام | بیلایەنم | رام جیاوازە | پرسیار Mean S.D |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | لاحاق پێواهەی | |
| | | | | | | هاوکۆلکەی جیاوازی | |
| | | | | | | گرنگی، رێژەی | C.V |
| | | | | ژ | ژ | ژ | |
| | | | | % | % | % | |
| 86 | 27.91 | 0.72 | 2.58 | 72 | 18 | 14 | پ1 |
| | | | | 69.2 | 17.3 | 13.5 | |
| 57.33 | 50.00 | 0.86 | 1.72 | 28 | 19 | 57 | پ2 |
| | | | | 26.9 | 18.3 | 54.8 | |
| 64 | 43.75 | 0.84 | 1.92 | 33 | 30 | 41 | پ3 |
| | | | | 31.7 | 28.8 | 39.4 | |
| 73.67 | 40.27 | 0.89 | 2.21 | 54 | 18 | 32 | پ4 |
| | | | | 51.9 | 17.3 | 30.8 | |
| 77 | 35.50 | 0.82 | 2.31 | 56 | 25 | 23 | پ5 |
| | | | | 53.9 | 24 | 22.1 | |
| 64 | 43.23 | 0.83 | 1.92 | 32 | 32 | 40 | پ6 |
| | | | | 30.8 | 30.8 | 38.4 | |
| 66.33 | 44.72 | 0.89 | 1.99 | 41 | 21 | 42 | پ7 |
| | | | | 39.4 | 20.2 | 40.4 | |
| 71.33 | 40.65 | 0.87 | 2.14 | 48 | 23 | 33 | پ8 |
| | | | | 46.2 | 22.1 | 31.7 | |
| 88 | 25.76 | 0.68 | 2.64 | 79 | 13 | 12 | پ9 |
| | | | | 76 | 12.5 | 11.5 | |
| 44 | 46.21 | 0.61 | 1.32 | 8 | 17 | 79 | پ10 |
| | | | | 7.7 | 16.3 | 76 | |
| | | 0.88 | 2.09 | 45 | 23 | 36 | پ11 |

20

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 69.67 | 42.11 | | | | | | |
| | | | | 43.3 | 22.1 | 34.6 | |
| 62.33 | 46.52 | 0.87 | 1.87 | 33 | 24 | 47 | پ12 |
| | | | | 31.7 | 23.1 | 45.2 | |
| | | | | 44.16 | 21.15 | 34.69 | |

تەختەی (7) فرەبژاردەی هەڵبژاردن

| | | | ناوەندە بۆهای | هاورام | بێلایەنم | رام جیاوازە | پرسیار<br>Mean<br>S.D |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | لاتاق پێوانەی | |
| | | | | | | هاوکۆلکەی جیاوازی | |
| | | | | | | گرنگی رێژەی | C.V |
| | | | | ژ | ژ | ژ | |
| | | | | % | % | % | |
| 84.67 | 30.31 | 0.77 | 2.54 | 74 | 12 | 18 | پ1 |
| | | | | 71.2 | 11.5 | 17.3 | |
| 70.67 | 40.57 | 0.86 | 2.12 | 45 | 26 | 33 | پ2 |
| | | | | 43.3 | 25 | 31.7 | |
| 81.00 | 30.86 | 0.75 | 2.43 | 61 | 27 | 16 | پ3 |
| | | | | 58.7 | 26 | 15.4 | |
| 84.00 | 29.76 | 0.75 | 2.52 | 70 | 18 | 16 | پ4 |
| | | | | 67.3 | 17.3 | 15.4 | |
| 83.33 | 30.40 | 0,76 | 2.50 | 68 | 20 | 16 | پ5 |
| | | | | 65.4 | 19.2 | 15.4 | |
| 64.33 | 44.04 | 0.85 | 1.93 | 34 | 29 | 41 | پ6 |
| | | | | 32.7 | 27.9 | 39.4 | |
| 63.67 | 43.46 | 0.83 | 1.91 | 31 | 33 | 40 | پ7 |
| | | | | 29.8 | 31.7 | 38.5 | |
| 64.67 | 44.33 | 0.86 | 1.94 | 36 | 26 | 42 | پ8 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 81.67 | 31.02 | 0.76 | 2.45 | 34.6<br>64 | 25<br>23 | 40.4<br>17 | ب9 |
| 85.33 | 27.73 | 0.71 | 2.56 | 61.5<br>71 | 22.1<br>20 | 16.3<br>13 | ب10 |
| 52.67 | 48.10 | 0.76 | 1.58 | 68.3<br>17 | 19.2<br>26 | 12.5<br>61 | ب11 |
| 73.00 | 36.99 | 0.81 | 2.19 | 16.3<br>46 | 25<br>32 | 58.7<br>26 | ب12 |
| 77.33 | 33.62 | 0.78 | 2.32 | 44.2<br>53 | 30.8<br>31 | 25<br>20 | ب13 |
| 71.00 | 41.31 | 0.88 | 2.13 | 51<br>47 | 29.8<br>23 | 19.2<br>34 | ب14 |
| 70.00 | 39.52 | 0.83 | 2.1 | 45.2<br>41 | 22.1<br>32 | 32.7<br>31 | ب15 |
| 75.33 | 33.63 | 0.76 | 2.26 | 39.4<br>46 | 30.8<br>39 | 29.8<br>19 | ب16 |
| | | | | 44.2<br>48.64 | 37.5<br>25.34 | 18.3<br>26.02 | |